


# دیمەنی «باستانی»

عەباس مەعرووفی
لە فارسییەوە: لەیلا نوورانی
(مهاباد)

لە پەنجەرەڕا تەنیا بارینی بەفر دیار بوو، بەفرێکی بڵەوەز و ناوەخت، خولی دەخوارد و کایەی دەکرد. برێک خوارتر لە پەنجەرە، «کاووس باستانی» لەسەر قەرەوێڵە ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو و جۆرێک چاوی لە دەرێ بڕیبوو کە دەتکوت خەریکن چارەنووسی دیاری دەکەن و ڕوخساری ئارام و سپیلکەی بە «نەجات مووسایی» گوڕوتینی دەبەخشی کە ئیتر هەست بە لەرزین نەکا و بە چاو لێکردن لە پەنجەرە، هەم بەفرەکە ببینێ و هەمیش کاووس.

نەجات وەک تینوویەک کە لە بن دیوار داوەشابێ ، چاوی لە کاووس بڕیبوو و نەیدەزانی کە چ شتێک لە دەرەوەی پەنجەرە سرنجی کاووسی ڕاکێشاوە. چواردەوری ژوورێ داهێزراو بوو، بەڵام هەرچی بێ، لە ئاسایشگای پێشوو خۆشتر و دڵگرتر و ڕووناکتر بوو. دەنگی ناڵە و جارجار گریانی کەسی گوێ لێ نەدەبوو، ئیتر بێدەرەتان نەبوو کە لەبەر هەڵاتن لە دەنگی گریان، پەنا بەرێتە بەر ڕاڕەوەکان، بەتایبەت ئێرە پەنجەرەیەکی بەرەو دەرێی هەبوو کە کاووس دەیکوت دیمەنێکی جوان لەو شوێنانە هەیە. جۆبارێک، هێندێک دار و ئەو ئەسپانەی کە جارجار دێن و سەریان دە ئاو دەنێن.

ماوەیەک دوایە بەفر تەنکەی دایە و لێی کردەوە. تاو هەڵات و دەنگی چۆڕەچۆڕی ئاو، لە شوێنێکی دوور دەهاتە گوێ. لە چوارچێوەی شینی پەنجەرە، ئاسمان بە چەند پەڵەهەور و سێ قشقەڵەوە دیار بوو. دوایی کە قشقەڵەکان بە قڕەقڕ تێپەڕین، دەنگی نیخەنیخی هەناسە

دانـی «سـولەیمان» دەهاتـە گـوێ. هەوەڵــێ کاووس و دوایـی نەجـات چاویـان لـە سـولەیمان کـرد. چواربەندەیـەک بـوو کـە تەنیـا هەناسـەی هەڵدەکێشـا و جارجاریـش دەکۆخـی. لـە پشـت شووشـەی ئەسـتووری چاویلکـە، ئەوەنـدەی دەڕوانـی هەتـا ببینـێ، دوایـی بەجۆرێـک کـە بیـەوێ دەسـت بـە قسـان بـکا، سـەری دەهێنـا پێش و زاری دەکردەوە و تەنیـا ڕدێنـی دەخوراند و هـەر ئـەو شـتانە بـوو کـە کاتـی لەبـەر یـەک دەکشـاندەوە، بەکاوەخۆتـر لـەوەی کـە هەبـوو.

نەجـات کوتـی: کاووس، ئەگـەر دەڵێـم کاووس، ژنەکـەم وەبیـر دێتـەوە، نێـوی تـاووس بـوو.

کاووس کوتی: کوتت.

زۆر توندوتـۆڵ بـوو، کازیـوە کـە دەنگـووت، هەتـا مریشـک هەڵدەنیشـت کاری دەکـرد.

کاووس کوتی: ئەها ئەسپەکان ئەوە دێن.

نەجـات کوتـی: چـا نەبـوو «دانایـی» مـرد، ئاسـوودە بـوو، پیـاوی چـاک بـوو، بـەڵام کارێکـی خەراپـی کردبـوو دەو دستشـۆرییە میسـتبوو.

کاووس کوتـی: نەمیسـتبوو، تـۆ جنێـوت پـێ دەدا، ئـازارت دەدا.

نەجات کوتی: بۆخـۆم دیتـم، ئاغاگیـان، ئەلعان کە مـردووە ئاغاگیـان.

کاووس کوتـی: کاروان پـاش و پێشـە، ئێمـەش دەمریـن.

نەجـات کۆخـی و بـە دەسرەسـڕە خڵتەکـەی سـترپییەوە و دوامـاوەی تامـی زاری قـووت داوە. وەک شـیرنایی دوای قەند قووت بداتەوە و هەسـتی کـرد کـە زۆری کاووس خـۆش دەوێ، ئەگەرچـی قەرەوێڵەکـەی خـۆی لـە کـن پەنجەرەکـە نییـە، کەچـی دەزانـێ لـە دەرێ چ خەبـەرە. ئەسـپەکان چ دەکـەن، کۆتـرەکان کەنگـێ دێـن و بیچمـی دارەکان چۆنـە.

کاووس کوتـی: لەبیـرم بـێ بـە تەهمینـە بڵێـم ئەفسـانەکەی بهێنـێ.

نەجـات کوتـی: بـۆ دێ؟ ئەتـۆ دەڵێـی. سـێ دانـە سـاڵە وا دەڵێـی، ئاغاگیـان.

- ئەوسـاڵ حەتمـەن دێ، لەبـەر جێژنیـش بـێ هـەر دێ. لەبـەر خاتـری منیش بـێ هـەر دێ. بـە دڵـم داهاتـووە.

- خـودا کچـی نەدایـنێ، دوو کوڕی پـێ داین، ئم، لـە خـودا تـووڕە بـوو، دیتبـووی کـە هێندێـک لـە بەسـاڵاچوانی ئاسایشـگا، ملاقاتییان (سـەردانیان) هەیـە و ئێسـتاکە چـاک دەیزانـی کـە زۆربـەی ملاقاتییـەکان ژنـن. دەگـەڵ منداڵەکانیـان وەڕێ دەکـەون و خەڵاتێـک، شـتێکیش دەهێنـن و کەمێک ڕەنـگ و شـادی و هەراهـەرا.

- کوتـی: «کوڕ چـاک نـێ، کچ شـتێکی دیکەیە، کوتـت نێـوی نەوەکەت چ بـوو ئاغاگیان»؟

- ئەفسانە.

- تا ئێستاکە دیتووتە؟

- خـۆ ئـەوان لێرە ناژین، لـە هەندەرانـن، بـەڵام وێنەکەیـم هەیـە. وێنەکـەی لـە باغەڵـی دەرهێنـا، چـاوی لـێ کـرد و دیسـان دە باغەڵـی هاویشـتەوە.

سـولەیمان زەنگەکـەی داگـرت، چەنـد چرکـە دوایـە دوو پێشـخزمەت هاتـن لـە نێـو وەتـاغ (ژوورەکـە) سـواری مەکینـەی دەسـتییان کـرد و بردیـان. نەجـات کوتـی: دوێنـێ شـەوێ زۆر خـراپ نووسـت، تـا بەیانـی چوارجـار بـۆ چوونـە پێشـاو زەنگـی لـێ دا.

کاووس کوتـی: پێنـج دانـە ئەسـپ لەهـۆوێ خەریکـن ئـاو دەخۆنـەوە.

- کوڕەکەم نەیویست ئەمن بەرێ، ئم.

- هەمیشـە جێژنـی نـەورۆز تاووبانـە. بێجگـە لـەو سـاڵەی ئێمـە- مسـافیر بووین و خەریـک بوویـن بـە فایتـۆن لـە یـەزد دەهاتینـەوە.

- خەڵکی یەزدی؟

کاووس سەری لەقاند و هەروا چاوی لە دەرێ بڕی.

نەجات کوتی: قسەوباس پاشملەی یەزدییەکان زۆرە، بەڵام ئەمن دەڵێم یەزدی نە باڵی مێش دەمژن، نە دزن، شتکڕ نین، نرخەکەی دەپرسن و لێ دەدەن دەڕۆن.

کاووس کوتی: ئەوێ دەمێ لە ماڵێ سێ شۆڕەبی هەبوو، ڕەنگە چوار بێ، لە بیرم نێ.

- دەی باشە، بڕیباتانن، لە جێگەیان سێوتان چەقاندبا، ئاغاگیان.

- مەجنوون چووە سەر چاڵاوێک کە لەیلی تێدا بوو، چاوەڕوان دانیشت، دانیشت هەتا نێوقەدی چەماوە، دوایە بوو بە دار.»

نەجات هات پێبکەنێ، کۆخە ئامانی پێ نەدا، پشووی نەدەهات، بەشێوەیەک کە بە زاری داچەقاو هەر وا ماوە، دوایە کوتی: «ئەی وای» و ناڵەی هات.

کاووس کوتی: دوێنێ شەوێ تا بەری بەیانی باری.

- هەتا بەیانی خەونم بە بەفرەوە دی.

کاووس لەسەر قەرەوێڵەکەی لەسەر ئەژنۆ دانیشت، وەک کەسێک کە تەحیات دەخوێنێ، موویە سافەکانی لادابووە لای چەپ، پێستی دەموچاوی سپی بوو، دەتکوت خوێنی تەواو بووە، کوتی: بەڕاستیتە؟

نەجات چەند جار سەری لەقاند.

کاووس کوتی: بەفر نیشانەیەکی چاک نێ، بەفر یانی قورسایی، بەڵام هەر خێر بێ.

نەجات بە ماتی چاوی لێ کرد، پاڵی وەدیواری پشتەسەریدا بوو و لاقەکانی وەک منداڵان لەبەر یەک ئاواڵە کردبوو.

کوتی: یانی چی؟ یانی مردن یا، یانی پیاو پارەی وەچەنگ ناکەوێ؟ سەری چەند جاران لەقاند. چەند باریوە؟

کاووس کوتی: بستێک، بەفری چاک بوو، چرۆکانی شووشت و چاوی لە دەرێ بڕی. چەند جارانی تروکاند و بە ئیشتیاوە چاوی لێ کرد: پەڕی کا بوو، تەواوە.

- پێش کووتاڵفرۆشتن لە لالەزار شووتیمان دەفرۆشت، قاشی باریکمان دەکرد، قاشی بە دە شایی.

- کوتت.

- دەمەویست ببم بە مامۆستا، بەڵام دایکم کوتی ئیشی چاک نێ.

- باڵندەکان چۆن تووکەکانیان دەشۆن! خۆیان دە ئاو وەردەدەن و .....

- نێوی ژنەکەم تاووس بوو و ئم.

خزمەتکار بە زرموکوت دەرکەی کردەوە و چەرخی (عەرەبانەی) سولەیمانیان هێناوە ژوور و پێش ئەوەی کە لەسەر قەرەوێڵەکەی داینێنەوە، هەرتکیان بەرەوڕووی کاووس بزەیان هات. ئەوی جحێڵتر بوو کوتی: ئاغای باستانی، سبەی جێژنی نەورۆزە، جێژنانەی ئێمەت لە بیر نەچێ.

ئەوی دیکە کوتی: «حەوتسین»مان بۆ کڕیوی.

کاووس کوتی: نامەم بۆ نەهاتووە؟

خزمەتکاری هەوەڵێ کوتی: نا بەڵام دێ.

کاووس کوتی: کچەکەم زەنگی لێ نەداوە.

خزمەتکاری دووەم کوتی: دەتەوێ حەوت سینەکەت بۆ بێنم؟

کاووس کوتی: چاوەڕوانیم، دەزانم دێ، خەونم پێوە دیوە.

خزمەتکاری هەوەڵێ کوتی: دەبێ جێژنانە دراومان پێ بدەی.

کاووس کوتی: خۆ زێڕم نییە، قڕانو دەدەمێ.

نەجات کوتی: دەمەوێ نەیدەی ئم و سەری

وەرگێڕا. وەک ئەوەی کە تۆرابێ.

خزمەتکاری هەوەڵێ کوتی: سڵامەتی ویم دەوێ و هەرتکیان وەدەر کەوتن.

کاووس کوتی: خێرت وەڕێ بێ و چاوی لە دەرکەی ژوورەکە کرد.

نەجات کوتی: بۆ جێژن جلەکانت دەگۆڕی؟

کاووس جلە نوێیەکانی لەبەر کردبوو، «حەوت سینێکی» چکۆڵە کە بە مقەبایەوەی نووساندبوو، لە پێش خۆی دانابوو، لە سەر لێواری قەرەوێڵەکە، بەرانبەر پەنجەرە دانیشتبوو و گوێی لە ڕادوێ گرتبوو. بە کراسی سپی و کۆتوشەڵواری سپی، کەوشی سپی کوتاڵی،- بێ گۆرێوی- بەو موویە سپیانەیەوە، دەتکوت تازە شتوویانە و لەوێیان داناوە هەتا وشک بێتەوە. لە نووری کزۆڵەی هەتاوێک کە خەریک بوو ئاوا دەبوو. کاڵەوەتر دەهاتە بەرچاو. نەجات کوتی: دەتەوێ چ بکەی؟ کاووس متەقی نەکرد. چاوی لە دەرێ بڕی و گوێی دا ڕادوێ کە گۆڕانی ساڵ ڕاگەیەنێ. لە بەرەخۆیەوە بۆ دڵی خۆی شتێکی کوتەوە. دوایی دەستی ڕاستی لەسەر دڵی دانا و قیت دانیشت.

نەجات کوتی: ئەوە تاعەتە؟

کاووس کوتی: ڕوونە، بەڵام قسە مەکە.

نەجات کوتی: ئەمە بەڕۆژوو دەبین، موسوڵمانەکان نوێژ دەکەن، ڕۆژووش دەگرن، بەڵام ئەمە هەر ڕۆژوو دەگرین، ئاغاگیان.

کاووس کوتی: پاکوخاوێنی تاعەتە.

نەجات کوتی: ئێوە ئاگرپەرستن.

کاووس کوتی: نا ئێمە ئاگرپەرست نین، ئێمە یەکپەرستین، یەکی بێ هاوتا دەپەرستین.

نەجات کوتی: درۆ دەکەی چ دەکەی؟

کاووس کوتی: بە شۆقی ئەو چرایە، ئێمە ئاگرپەرست نین. نەجات کوتی: خۆ نوێژ ناکەن؟

کاووس کوتی: تاعەت دەکەین.

نەجات کوتی: جلی نوێ دەبەر دەکەن، گوێ دەدەنە ڕادوێ، دەچن بۆ تەماشای ئەسپ و باڵندەکان.

کاووس وەخۆ کەوت. بۆ ئانوساتێک لەبنەوە چاوی لە نەجات کرد و کوتی: بە جحێڵی، چەند دارت چاندوون؟

نەجات کوتی: ئەمن باغەوان نەبووم، ئاغا گیان، ئەمن کووتاڵفرۆش بووم، کاتی نەمام چاندنم نەبوو.

کاووس کوتی: ئەمن ساڵێ دوو دارم چاندووە، حەفتا ساڵ، ساڵێ دوو دانە دار.

نەجات کوتی: نەمام چاندن خۆ تاعەت نیێ، ئم.

کاووس چاوی لە دەرێ کرد و کوتی: چا ئەو وەنەوشانەی چاندوویانن، ئەو کچانە زۆر بەسەلیقەن، پیاو کەیفی پێ دەکا. نەجات کوتی: ئەو ڕۆژوویەی ئێمە دەیگرین تاعەتە، ئەمە دەچینە بەهەشت.

کاووس کوتی: ئەوێ حیساب و کتێبی خۆی هەیە.

نەجات کوتی: ئاژەڵ، ئاژەڵ، ئەوە یانی چی؟

کاووس کوتی: چاووڕووت هەبێ.

نەجات کوتی: ئم.

کاووس کوتی: پێنج دانە ئەسپ خەریکن دەلەوەڕێن.

نەجات کوتی: ئێمە قەدیم ئەسپمان هەبوو، کەچی قەت نەدەچووینە تەماشای ئەسپەکان، دەبەر کارێمان دەنان، بارمان دەکردن و دەڕۆیشتین، شاربەشار، بەڵام قەت نەدەچووین چاو لە ئەسپەکان کەین، لە دارمان دەبەستنەوە و بارمان لێ دەنان و دەگەڕاینەوە شاری، سوواریان نەدەبووین، قەتیش نەدەچووین چاو لە ئەسپەکان کەین.

کاووس کوتی: چاردەدانە دار لە هۆوەیە، بەڕیز

لە پەنا یەکتر. هاوینان سێبەر دەکەنە سەر خەڵک، ئەو دەمەی خەڵک پۆل پۆل دێن و لە بنیان نان و چێشت دەخۆن. قومار دەکەن، تەماشای ئەسپ دەکەن، دەخەون و ڕیتمی ڕادوێ قسەکەی پێ بڕی و چاوی لە دەرکەی ژوورەکە کرد و کوتی: خودا بکا هەوەڵ کەس کە دێتە ژوور، تەهمینە بێ.

نەجات کوتی:جا فەرقی چێ؟

کاووس کوتی: دوای نوێ بوونەوەی ساڵ، ممبارەکە کە کەسی چاک وەژوور کەوێ.

نەجات کوتی: ئەوەش تاعەتە؟

کاووس کوتی: نا، ممبارەکە، (ساڵی) پیاو دەبێ چا بێ، دەزانی ساڵی یانی چی؟

نەجات ڕووی وەرگێڕا و نێوچاوانی تێک نا.

کاووس کوتی: ئەو کەسەی جەنگەی نوێ بوونەوەی ساڵ دێ، ساڵییە، ساڵی دەبێ پیاوچاک بێ.

نەجات کوتی: لەبەر ئەوەی نە ئاقڵت هەیە، نە پارە، تەمەنێکە هەر بیرت لەو شتانە کردووەتەوە.

کاووس کوتی: لێگەڕێ با دەسپێکی ساڵی نوێ، حاڵم خۆش بێ.

نەجات کوتی: پێم خۆشە نەبێ، ئم.

دەو دەمەدا دەنگی هاویشتنی تۆپ هات و بێژەر کوتی: دەسپێکی ساڵی نوێ و دوایی ئاهەنگی شاد و جوانی بڵاو کردەوە. کاووس قیت دانیشت، بۆ ئانوساتێک وچانی دا، دوایی کوتییەوە: ئەمن ئەهوورامەزدای نیک، خودای چاکە، ئەو پاکە خاوەنشکۆیە، حەمد و سەنا دەکەم، خاکەلێوەی پاک، توانایی دینپاکان سەنا دەکەم.

نەجات کوتی: ئەوە تاعەتە؟

کاووس کوتی: بەڵێ، ئەوانە تاعەتن و ئیشارەی بە دوورەدەست کرد لەوێ، چەند کەس خەریکن دار دەچێنن. نەجات زاری خوار کرد و کوتی: یانی چی؟

کاووس کوتی: نەورۆزت پیرۆز.

نەجات ددانی دە چیرەوە برد.

کاووس سەری وەرسووڕاند و بە غەمباری چاوی لە دەرێ کرد، چەند چرکە دوایە دەرکەی ژوورەکە کراوە و خزمەتکار هاتە ژوور، کوتی: چێ؟

نەجات کوتی: «جێژنت پیرۆز بێ، ئم» دوایی چاوی لە کاووس بڕی و پێکەنی، کوتی: «ئەوەش ساڵی چاک، ئاغاگیان.» خزمەتکار بە سەیرەوە چووە پێشێ. لە نزیک کاووس ڕاوەستا و کوتی: ئاغای باستانی ئەوە بۆ دەگری؟

کاووس جوابی نەداوە و هەروا ڕوو بە پەنجەرەکە دانیشت. نەجات کوتی: ئاقڵی دە کەللەی دا نێ و سەری تەواو خوار کردبۆوە هەتا دەموچاوی ببینێ، قەت بەو جۆرەی چاو پێ نەکەوتبوو، هەستێکی ناخۆشی هەبوو و وەبیر منداڵی خۆی کەوتەوە کە لە ئیسفەهان دە خاکوخۆڵ دەگەوزا و هەرچی دەیانکرد دەستی لەو خوویە هەڵنەدەگرت. بۆخۆشی دەیزانی کە خوویەکی خراپە، کەچی نەیدەتوانی تەرخی کا. وەبیر دایکی کەوتەوە کە حەوت ساڵ لە ماڵی بەساڵاچووان بوو و دایم و دەرهەم تووک و دوعای لێ دەکرد و ئەو سێ مانگ دوایە زانی کە مردووە. نەیزانی لە کوێیان ناشتووە و ئەلعان کاووسی ئازار دابوو.

کوتی: ئاغاگیان، ئەوە یانی چی؟

کاووس تۆرابوو. هەتا شەوێ هەرچی قسەیان دەگەڵ کرد، وەڵامی نەداوە. شامیشی (نانی ئێوارە)ی نەخوارد. کەشەفە چێشتەکەی دەست لێنەدابوو، هەروا ناردییانەوە، تەنانەت کاتێ نەجات دەیویست بخەوێ، کلیلی کارەبای سەر خۆی لێ دا و کوتی: سوێند بێ هیچ مەبەستێکم نەبوو، ئاغاگیان و بێ کەڵک بوو. کاووس نەیدەویست بجووڵێتەوە. دەیەویست دانیشێ و لە تاریکیدا، ئەسپەکان و وەنەوشەکان و دارەکانی چاو لێ کا.

وا وەبەر چاو دەهات کە گەورەتر و سپیترە، کەسێک لە ڕەنگی تریفە، وەک پەیکەرێکی بەنرخی سپی لە کاتی نزا دەچوو. بەجۆرێک کە نەجات بە دیتنی تووشی وەهم دەبوو، هەر بۆیە لەبەرە خۆیەوە کوتی: سبەی دڵنەوایی دەکەم و چاوەکانی قوچاند. بەیانی ڕۆژی دوایی نەجات لە خەو هەستا و لە سەیریان لەسەر قەرەوێڵەکەی نیوەهەستاو ماوە، تاووبان بوو و دەنگی باڵندەکانی دەرێ دەهاتە گوێ و زایەڵەی نووری هەتاو لەسەر پەنجەرە دەدرەوشاوە، کەچی کاووس لەسەر قەرەوێڵەکەی نەمابوو.

هەموو ڕۆژێ پێش هەمووان وەخەبەر دەهات، لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشت و ئەنگووتنی کازیوەی چاو لێ دەکرد، بەڵام ئێستاکە نەمابوو و کەوشە کوتاڵە سپییەکانی، جووتکراو لە بن قەرەوێڵەکە بوو. نەجات دانیشت، پاڵی وە دیوار دا و چاوی لە دەورووپشتی کرد، سولەیمان پرخەی دەهات و هیچ دەنگێک لە ڕێڕەوەکان نەدەبیسترا.

کوتی: «کاووس». دەسرەسرەکەی لە نێو مەلافەکان دیتەوە و دەمولووتی ستری و هێور بۆوە. چەند چرکەسات حەپەسا، وای بیر کردەوە خەون دەبینێ، کەچی کەوشەکانی کاووس لەبن قەرەوێڵەکە بوون، لە بەرەخۆیەوە کوتی: چ بکەم؟ بێ ئیختیار زەنگەکەی داگرت، کوتی: «ئەوە لە کوێیە؟» و لە خزمەتکارەکەش هەر ئەوەی پرسی.

خزمەتکار کوتی: مرد.

نەجات کوتی: مرد؟! هەر بە ڕاستی مرد؟!

خزمەتکار کوتی: ئەرێ، کاتژمێر چوار مرد.

نەجات کوتی: درۆ نەکەی چ بکەی، ئاغاگیان؟

خزمەتکار کوتی: ناڕەحەت مەبە، بیری لێ مەکەوە.

نەجات کوتی: ئەلعان لە کوێیە؟

خزمەتکار کوتی: بردیان، بیری لێ مەکەوە.

نەجات کوتی: ئینسانی چاک بوو، ئاغاگیان.

خزمەتکار کوتی: ئەرێ، پیاوی چاک بوو و لە ژوورەکە وەدەر کەوت.

نەجات کوتی: «ئاغاگیان، چوویە کوێ؟» و دیسان زەنگەکەی لێ دا. خزمەتکار گەڕاوە: دیسان چێ؟

نەجات کوتی: ئەو قەرەوێڵەی من بەرە، پێش ئەو پەنجەرە، ئەم.

خزمەتکار کوتی: زۆر باشە. قەرەوێڵەی کاووسی لابرد و کوتی: زۆر باشە، قایم دانیشە و قەرەوێڵەی نەجاتی بە بێوازی بردە پێش و ڕێک لە بن پەنجەرە داینا. نەجات بۆ هەوەڵجار لە پەنجەرە دیمەنەکانی کاووسی چاو لێ کرد. وێرانەیەک بوو پڕ لە سەیارەی قۆڕازە و کێوێک لە زبڵ و قودووی تەنەکە و ئەو بەفرانەی کە ئێستا لە نێوان شرۆشاڵاتەکان جێیان خۆش کردبوو. بێئەوەی کە ئەسپێک زبڵەکان بخوا، یان دارێک سێبەری هەبێ، کوتی: «درۆ نەکەی، چ بکەی، ئاغاگیان؟» ڕووی وەرگێڕا و کاتێک ویستی بخەوێ، سولەیمانی دی کە ئێستاش پرخەی دەهات. بڵیندگۆیەک لە سووچی ژوورەکە، لەو سەرە بە دیوارەوە نووسابوو و دەتکوت دەنگی پرخەپرخی سولەیمانی لێ بڵاو دەبێتەوە.

**تێبینی: حەوت سین: حەوت شتی خواردنێ کە ناویان بە «س» دەست پێدەکاو ئێرانییەکان لە نەورۆزدا لەسەر سفرەی دادەنێن.**

**سەرچاوە:**

**لە کۆچیرۆکی «دریاروندگان جزیرەی آبی تر»، عەباس مەعرووفی، تاران، قۆقنووس، ۱۳۸۲.**